# کوردو ڕاپۆرتەکەی جەیمس بیکەر هاملتۆن....




**کانی هەڵەبجەیی**

هۆڵندا

Kani_awin@hotmail.com

**وەک هەمومان ئاگادارین چەند ڕۆژێکە نیگەرانییەکی زۆر ڕووی کردۆتە ماڵو ناخی گشت کوردێک لە ناوەوەو دەرەوەی وولات بەهۆی ڕاپۆرتە سڕ کەرەکەی لیژنەکەی هاملتۆن. منیش بە ئەرکی خۆمم زانی کە بیرۆکە گچکەکەی خۆم لەم بارەیەوە بخەمە ڕوو.**

**کورد لەوەتەی هەیە، چەندەها دەرفەتی لەباری لە دەست داوە، ئەو پرسیارەی لێرەدا دەمانوەستێنێت بۆیە، بۆ؟ بۆ ئەزمون لەدوای ئەزمون دوبارە دەکەینەوە؟ وەک دەڵێن مێژو خۆی دوبارە دەکاتەوە.**

**بەلایەک ئاین دەکەنە بەهانە لەلایەک وڵاتانی دراوسێ، لەلایەکی دیکەوە بێگانەپەرستی ئەمو ئەو، بەڵام ئەم دەرفەتەی ئەمڕۆش کەلە هەموو دەرفەتەکان مەزن ترە وا لە دەست دەچێت.**

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەو چەندەها پرسیاری تر دەبێ ئێمە جوگرافیای کوردستانو شوێنی هەڵکەوتنی ئاراستە بکەینو بەراوردی بکەین لەگەڵ شۆڕشەکانو ئەمڕۆدا.

وەک دەبینین کوردستان وڵاتێکی (قاڕییە) واتا ناکەوێتە سەر دەریا، ئەگەر بڵێین ئەسکەندەرۆنە ئەوا پێوستیمان بە چەندەها سەدە هەیە تا بگەینە ئەو دەریایە. کەوا بو بمانەوێت یان نا دەبێت شۆڕش لە لایەکەوە کۆمەک بکرێت چونکە بەتەنها لە ناوخۆدا ناکرێت، لەبەر ئەوەی دوژمنان بەهێزن، واتا پێویستیمان بە یاریدەدەرێکی ئیقلیمی هەیە. ئیقلیمەکەش هەمووی دوژمنە چونکە ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیر کردووە دەوری وڵاتەکەشیان داوین. بۆیە سیاسەت مەدارانیش ئاماژە بەوە دەکەن کورد جگە لە شاخ دۆستی نییە. ئەوەش بۆتە هۆی تێکشکانی شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی کورد، بەڵام ئەم دەرفەتەی ئەمڕۆ لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکی جیهانی بو نەک شۆڕشێکی ناوخۆ بۆیە دەبێ زۆر ئاگاداری بین.

هەرچەندە لەم ئەزمونەدا کورد دەستکەوتی زۆری بەدەست هێناوە بەڵام گشتیان کاتین. بۆ ؟ لەبەر ئەوەی کورد میللەتێکی خۆشباوەڕە، چونکە ت ئەو ئەمەریکایەی کە تا ئێستا دوو شۆڕشی لەناو بردین ئە،مڕۆ بۆتە هاوپەیمانمان، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە، وە سەرکردەکانمان تەنها بە ووتە نەک بە نوسین بڕوایان پێ کردووەوە، ئەوەتا زۆر بە زەقی لە ڕاپۆرتەکەی (بێکەر هامڵتۆن) دەردەکەوێت.

ئەمە واتای چی دەگەیەنێت؟

ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێ کە نە پرس بە کورد کراوە، نە بانگی دەکەن بۆ کۆبونەوەکان، وە ناوی کوردستانیش بەو شێوەیە نەهاتووە کە ئێمە چاوەڕێ بوین.

ئایا ئەمە پاداشتی ئەوەیە کە خزمەتی مارێنزو ئاڵای ئەمریکیمان کردووە؟ وە بە گوڵباران پێشوازیمان لێ کردون بە پێچەوانەی ناوەڕاستی عیراق کە بۆتە قوڕاوێکو ئەمەریکا بە ئێمە ووشکی دەکاتەوە.

دەبا جارێکی دی بڵێین بەسە خۆشباوەڕی، بەسە پشت بە خەڵک بەستن، بەسە قۆرخی دەستەڵات، با شەقامی کوردی بدوێ، وە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی ڕامیاری ڕۆشنبیری دروست بکاتو دیسان شاخ بکاتەوە تاکە دۆستی.

بە بڕوای من پێویستیمان بە چەند ڕێگەیەک هەیە کە ئەو هەڵانەی لە مێژودا کراون دوبارەی نەکەینەوەو پارێزگاری لەم دەستکەوتانە بکەین

1– دەبێت ماڵی کورد زیاتر ڕێکبخرێت، بە واتایەکی ڕاستەقینە پێویستە پارتە کوردستانییەکانیش وەک هێز لەگەڵ دوو پارتە دەستەڵاتدارەکەدا کار بکەن تەنها بۆ کورد.

2– دەبێ خۆمان زیاتر ئامادە بکەین وە چاوەڕێی هەموو بارێکی نا ئاسایی بکەین، بۆ ئەوەی ئامادە بین گەر پێشهاتەکەی بێکەر هاملتۆن بو بە یاسایەک لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا.

3– پێویستە باری کەرکوک زیاتر ئارام بکرێتەوە وە ململانێی حیزبی تێدا نەمێنێت بۆ ئەوەی پشتو پەنایەکی دی پەیدا بکەینو وە پێ داگرین لە کوردستانییەتی شاری کەرکوک، بە وتووێژ کردن لەگەڵ پێکهاتەکانیدا.

4– ئەگەر ئەمەریکا کاری بە گۆڕانکارییە نوێکە کرد ئەوا پێویستە بیرێک لە دەورو پشتمان بکەینەوە، بە واتایەکی دی، دەبێ ڕێچکەیەک بکەینەوە لە وڵاتانی دەورو پشت واتا بەو ڕستەیە کاربکەین کە دەڵێ، دوژمنی دوژمنم دۆستمە.

5– پەلە کردن لەیەکخستنی هێزی پێشمەرگەو چەکدار کردنی بە شێوەیەکی مۆدێرنو زیاد کردنی تەکتیکی سەربازی. وە پاراستنو گەر لە تواناداا بو بەرهەم هێنانی بیرە نەوتەکانو زیادە تر کردنیان، تا باری ئابوری گوڕ تر بێتو بچەسپێندرێت.

6– پێ داگرتن لەسەر گۆڕانکاری نەکردن لە دەستوردا، چونکە دەستیور چەند دەستکەوتێکی زۆر گرنگی تێدابو بۆ ئێمەی کورد. لە گەڵ ئەمەشدا هەوڵ دان بۆ دروست کردنی بەرەیەکی ناوخۆی عیراق دژ بە ڕاپۆرتەکەی هاملتۆن.

7– گەر توانایەکی تەواوی ڕامیاریو دیبلۆماسیمان نەبو ئەو ساتە ئێمەش نەک گۆماوێک دەبێت چەندەها گۆماو هەڵکەنین بۆیان.

8– خۆ تێکەڵ نەکردن بەو شەڕە ناوخۆییەی کە ئێستا لە باشورو ناوەڕاستی عیراقدا هەیە.

9– زیاتر ناساندنی گیروگرفتەکانمان لە ڕێی دیبلۆماسییەوە بە وڵاتەکانی ئەوروپا، چونکە ڕێژەیەکی بەرچاو بەتایبەتی(ئەوروپای کۆن) دژی سیاسەتی تاکڕەوی ئەمەریکان.

ئەمانە بە بۆچونی من چەند خاڵێکی گچکەن لەو خاڵە زۆرانەن کورد دەبێ پەیڕەوی بکات تا ڕێ نەدا تا باشوری کوردستان جارێکی دی لەناو بچێت. لەگەڵ هەموو ئەم خاڵانەشدا دەبێ کورد لە هەوڵی دیبلۆماسی نەکەوێت گەر دیبلۆماسییەتیش کۆمەکی نەکردین ڕێگا زۆرە بۆ بەرگری کردن لە خاکەکەمان